مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية (20) العدد الثاني – الجزء الاول – ايلول 2025
Kirkuk University Journal of Humanities Studies
مجلة جامعة كركوك للدراسات الانسانية
https://kujhs.uokirkuk.edu.iq
DOI: 10.32894/1992-1179.2025.159803.1201
Date of research received 03/05/2025, Revise date 04/06/2025 and accepted date 14/06/2025

# "Social Issues and Problems in the Novels of Ata Muhammad"

**Wrya Burhan Noori**
**Assit. Dr. Ashti Hussein Arif**

**Abstract:**

This research, titled "Social Issues and Problems in the Novels of Ata Muhammad," aims to explore the social issues and problems depicted in the works of the novelist, as well as to highlight the customs and traditions that contribute to these challenges for individuals in society. The study examines the portrayal of individual freedom and identity within the context of Kurdish culture, as reflected in Ata Muhammad's novels. From this perspective, the research discusses how the author addresses social problems in Kurdish society through his characters, illustrating how certain customs, traditions, and religious rules can become sources of individual struggle. The study employs a descriptive-analytical method. The research is structured into an abstract, introduction, two main sections, conclusion, and a list of sources. The first section, titled "The Concept of Society in the Novel," is divided into two parts. Part One: Terminology and the Concept of Society. Part Two: The Social Dimension of the Novel. The second section, titled "Social Issues and Problems in the Novels of Ata Muhammad," is divided into two parts. Part One: Social Disintegration in the Novels of Ata Muhammad. Part Two: Novels of Ata Muhammad.

**Keywords**: Problems, Novel, Society, Social Issues, Ata Muhammad

# (القضايا والإشكاليات الاجتماعية في روايات عطا محمد)

وريا برهان نورى[1]

م. د. آشتى حسين عارف[2]

**الملخص**

أتي هذا البحث بعنوان (القضايا والمشكلات الاجتماعية في روايات عطا محمد)، وهو محاولة لعرضا لقضايا والإشكاليات الاجتماعية في روايات الروائي، كما يحاول الكشف عن العادات التي تعد مصدرا للمشاكل للأفراد في المجتمع. ومن هذا المنظور تحاول الدراسة الحديث عن المشاكل والقضايا الاجتماعية في الرواية، لأن الروائي نظر إلى المشاكل في الثقافة الكردية من خلال منظور شخصيات الرواية. تم إجراء البحث في ضوء المنهج (التحليلي).

تتكون الورقة من ملخص ومقدمة وفصلين وخاتمة وقائمة المراجع. يتكون القسم الأول والذي يحمل عنوان مفهوم المجتمع في الرواية من محورين: المحور الأول: مصطلح ومفهوم المجتمع. المحور الثاني: البعد الاجتماعي للرواية. أما الجزء الثاني بعنوان القضايا والمشكلات الاجتماعية في روايات عطا محمد، فينقسم إلى اثنين مباحث: المبحث الأول بعنوان الانقسام الاجتماعي في روايات عطا محمد، والمبحث الثاني بعنوان الإغتراب في روايات عطا محمد.

الكلمات الدالة: مشكلة، رواية، اجتماعية، عطا محمد.

[1] طالب ماجستير، كلية التربية، جامعة جرمو

[2] كلية التربية، جامعة جرمو

# بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا


## پوختە

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا)یە، هەوڵێکە بۆ خستەڕووی گرفت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسدا. هەروەها هەوڵدان بۆ دەرخستنی ئەو دابونەریتانەی، کە سەرچاوەی گرفت و کێشەن بۆ تاک لە نێو کۆمەڵگەدا. وێنە و ئازادیی تاک لەم ڕۆمانەدا، کە ڕەنگدانەوەی گرفتەکانی تاکە لە نێو کلتووری کوردی، کاری لەسەر کراوە. لەم ڕوانگەیەوە توێژینەوەکە هەوڵدەدات لە بارەی گرفت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە بدوێت، چونکە ڕۆماننووس لە ڕوانگەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە ئاوڕی لە گرفتەکان داوەتەوە لە کلتوری کوردیدا، کە کۆمەڵێک دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ڕێسای ئایینی بوون بە سەرچاوەی گرفتەکانی تاک لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا. توێژینەوەکە لەژێر ڕۆشنایی میتۆدی (پەسنی- شیکاری) ئەنجام دراوە.


وشە سەرەکییەکان: گرفت، ڕۆمان، کۆمەڵایەتی، عەتا محەمەد.

## پێشەکی

قسەکردن لەسەر گرفت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕەنگدانەوەی کێشە و باری دەروونیی تاک لەنێو کۆمەڵگەدا، ڕۆڵ و کاریگەری لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵدا وایکردووە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی تاک بابەتێکی سەرەکی بن لە نێو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووسدا. لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاک چەند سودمەند بێت بە گۆڕانکاری، ئەوەندەش زەرەرمەند دەبێت لە ململانێ و باری نائارامی، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لەو ئاستەی هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا نییە، کە ڕێزگرتن لە ماف و ئازادی تاک بە جیاوازییەکانەوە وەک چەمک لە فەرهەنگی کوردیدا بچەسپێت، تاک لەنێو کۆمەڵگەی کوردی بەو جۆرە قبوڵ کراوە کە دەوروبەر لێی

دەیەوێت و وێنەی بۆدەکێشێت، نەک بەوجۆرەی کە خۆی هەیە، ئەمەش سەرچاوەی زۆرێک لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە لەنێو کۆمەڵگە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

خستنەڕووی بابەت و گرفتەکۆمەڵایەتییەکانی تاکە لە نێو ڕۆمانی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس دا، بەو پێیەی ڕۆمانەکانی نووسەر گوزارشت لە دۆخی کۆمەڵایەتی تاک و گرفتەکانی دەکات لە کلتوری کوردیدا، لەماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا.

**گرنگیی توێژینەوەکە**

گرنگی ئەم توێژینەوە لەوەدایە لە ڕوانگەی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە ئاوڕی لە گرفتی کۆمەڵایەتی تاک لە نێو کلتوری کوردی داوەتەوە، کە لە داب و نەریت و ڕیسا ئاینیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت.

**میتۆدی توێژینەوەکە**

لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی میتۆدی پەسنی شیکاری کراوە، لەبەشی تیۆریی میتۆدی پەسنی و لە بەشی پراکتیکی میتۆدی شیکاری بەکارهاتووە، بۆ دیاریکردن و شیکردنەوەی گرفتەکانی تاک لای کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە.

**سنووری توێژینەوەکە**

سنووری توێژینەوەکە بریتییە لە هەر سێ ڕۆمانی (پاسەوانی خودا، هەنار و فریشتەی مردن، ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان) لە نووسینی (عەتا محەمەد).

**پلانی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە پێک دێت لە پوختە، پێشەکی، دوو بەش، ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان. بەشی یەکەم بە ناونیشانی (چەمکی کۆمەڵگە لە ڕۆماندا) لە دوو تەوەر پێکدێت: تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی کۆمەڵگە. تەوەری دووەم: ڕەهەندیی کۆمەڵایەتیی ڕۆمان.

بەشی دووەم بە ناونیشانی (بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا) بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە: تەوەری یەکەم بە ناونیشانی لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا، تەوەری دووەم: نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا

**بەشی یەکەم: چەمکی کۆمەڵگە لە ڕۆماندا**

**تەوەری یەکەم: زاراوە و چەمکی کۆمەڵگە**

**یەکەم زاراوەی کۆمەڵگە**

زاراوەی کۆمەڵگە لە سەرچاوە جیاوازەکاندا پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و بەپێی زمانی نەتەوە جیاوازەکانیش مانای دەگۆڕێت، بۆ نموونە ((لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (المجتمع) بۆ کۆمەڵگە بەکار دەهێنرێت، لە کاری (اجتمع) وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا زاراوەکە زیاتر بەمانای هاوبەشی و هاوڕێیەتی دێت، لە زمانی فارسیشدا زاراوەی (مجتمع، محل، اجتماع، جامعه) بۆ بەکاردێت.)) (شەریف، 2022: ١٦) بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی کۆمەڵگە دروست دەزانین و زیاتر بەو مانایە بەکاری دەهێنین، کە زاراوەکە لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە ((زاراوەی (المجتمع) لە زمانی عەرەبیدا، هەروەها هەردوو زاراوەی (Community) و (Society) لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ بەکاردەهێنرێت.)) (وسووقی، خوڵق، ئەکبەر، ٢٠١٣: ٨١) هەروەها لە ڕووی زمانەوانییەوە زاراوەی (کۆمەڵگە) لە زمانی کوردیدا لە دوو بەش پێکهاتووە، بەم شێوەیە دروست بووە:(("ناو+پاشگر" (کۆمەڵ) ناوێکی گشتییە و (گە) پاشگرە. لە ڕێزمانی کوردیدا پاشگری (گە) ناوی شوێن دروستدەکات. هەردوو بەشەکە پێکەوە واتای شوێنی کۆمەڵ دەگەیەنێت، ئەویش ئەو شوێنەیە کە کۆمەڵە خەڵکانێک لەسەری دەژین، کە پەیوەندی و بەرژەوەندی هاوبەش کۆیکردوونەتەوە وەک (ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری هاوبەش) کۆمەڵگە لە زمانی فەڕەنسیدا (Societe) لە زمانی

ئینگلیزیشدا (Society) که هەردووکیان له زاراوەی (Socieum) لاتینی وەرگیراون، بەواتای دۆست، هەواڵ، هاوڕێ، هاوپەیمان دێت.)) (وسووقی، خولَق، ئەکبەر، ٢٠١٣: ٨١)

**دووەم: چەمکی کۆمەڵگە**

کۆمەڵگە وەکو پێکهاتەیەک چەندین لایەن و ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرێت، ((کە بە یەکەوە گونجانێک لە میکانیزمی بنیادەکەی دەهێنێتە ئاراوە، سەرەڕای ئەمانەش کۆمەڵگە وەکو ڕەشماڵێک کەس و خەڵکانێکی خاوەن زمانی هاوبەش، کلتوری هاوبەش و خاکێکی کۆکەرەوە، کە لەسەری نیشتەجێبوونە لە خۆ دەگرێت. لە هەمانکاتیشدا کۆمەڵگە هەوڵدەدات پەرە بە چالاکییەکانیان بدات و ستراتیژییەتێکی یەکگرتوو بۆ بەرەو پێشبردن و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان بگرێتە بەر. بۆیە کۆمەڵگە بە نموونەیەکی گشتگیر و ئاڵۆز لە دنیای ئەمرۆدا لە قەڵەم دەدرێت.)) (ڕەحمان، 20٢٠: ١٧) کەواتە کۆمەڵگە بریتییە لە چوارچێوەیەک کە ((سروشتێکی دامەزراوەیی وەرگرتووە. شێوازە دامەزراوەییەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بەو شێوازە بیر و باوەڕ و ڕەفتارەی لە کۆمەڵگە هەیە و نەوە دوای نەوە نوێ دەبنەوە، یا وەکو ئەوەی تیۆری هاوچەرخی کۆمەڵایەتی وا پێناسەی دەکات کە بە درێژایی ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو و ناوچەیەکی فراوان دووبارە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەم دێنەوە.)) (گیدنز، 20١٣: ٢٢).

(ئەفلاتون ٤٢٧ – ٣٤٧)ی فەیلەسووفی یۆنانی، یەکەم کەس بووە لە کۆمەڵگەی کۆڵیوەتەوە، بە تایبەتیش لە بەرهەمەکانی (کۆمار، یاساکان، سیاسەت)دا و پێی وا بووە کە ((مرۆڤ ناچارە گردببێتەوە و ژیانێکی کۆمەڵایەتی هاوبەش بەسەر ببات، چونکە توانای ئەوەی نییە بە تەنیا بژیت. ئەو وای دەبینێت کە لە کۆبوونەوەی ئافرەت و پیاو و خستنەوەی نەوەدا خێزان دروست دەبێت کە یەکەیەکی بنەڕەتییە، کۆمەڵێک یەکەی

خێزان کۆمەڵگە دروست دەبێت. بەردەوامبوونی کۆمەڵگەش پێویستی بە پرەنسیپی پسپۆڕی و دابەشکردنی کار هەیە لە چوارچێوی کۆمەڵگەشدا هەر تاکێک ڕۆڵ و ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە، چونکە کۆمەڵگەش وەکو مرۆڤ وایە، کە پێویستی بە تێرکردنی پێداویستییە مادديی و مەعنەوییەکانی هەیە. بەڕای (ئەفلاتون) کۆمەڵگە لە سێ چینی سەرەکی پێکدێت: (چینی بەرهەمهێن، چینی سەربازی، چینی دەسەلاتدار.)) (عبدالجبار، ٢٠٠٥: ٤٨-٤٩)

هەروەها (ئیبن خەلدون) سەبارەت بە چەمکی کۆمەڵگە پێی وایە ((لەو مەیدانەی ئەو دیاردە کۆمەلایەتییانەی تێدا ڕوو دەدات کە ملکەچی یاساکانن)) (جمیل، ٢٠٠٨: ٢٧) دەتوانین بڵێین (ئیبن خەلدون) بە شێوەیەکی گشتی یەکەم هزرڤانە کە کۆمەڵگەی کردووەتە زانستێکی سەربەخۆی نوێ. ((هەندێ لە بیرمەندان پێیان وایە ئیبن خەلدون توانیویەتی لە کۆمەڵگەی ئادەمی بکۆڵێتەوە و شیبکاتەوە دابەشی بکات بۆ چەند پێگەیەک کە بتوانرێت زانستییانە لێی بکۆڵدرێتەوە.)) (جمیل، ٢٠٠٨: ٢٧)، (ئۆگست کۆنت) دامەزرێنەر و داهێنەری وشەی کۆمەڵناسی لەو بارەوە دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە و بۆ یەکەمجار وشەی کۆمەڵناسی، سەبارەت بە کۆمەڵگە دەڵێت(( کۆمەڵگە واتە بوونیادی بە کۆمەڵی بوونەوەرە زیندووەکان، ڕوخساری ئەم بوونیادەش لەئەرکەکەیدا وا دەردەکەوێت و بەرەو ئامانجێکی هاوبەش کار دەکات و هەنگاو دەنێت)) (جمیل، ٢٠٠٨: ٢٦) کەواتە کۆمەڵگە لە کۆمەڵە تاکێک پێکدێت، کە کارلێکی ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا ئامادە دەبێت، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی هاوبەش، بە واتەیەکی دیکە کۆمەڵگە گوزارەشتە لە ((کارلێکی ڕێکخراو و جۆرایەتیی نێوان تاکە جیاوازەکان، ڕێکخستنی کارلێکەکانیش پشت بە ئەقڵ دەبەستێت، تاکەکان بە بێ تواناکانی ئەقڵ بۆ نواندنی ڕۆڵەکان، دووبارەکردنەوەی کردەوە ئاڵوگۆڕەکانیان بۆ چالاکییەکان ناتوانن چالاکییەکانیان هەماهەنگ بکەن. کۆمەڵگا تەنیا

بریتییە لە ئەنجامی کارلێکی نێوان ئەقڵی خودی مرۆڤ، ناشتوانرێت لە دەرەوەی (ئەقڵ و خود) بوونی کۆمەڵگا ببینین، چونکە کارلێکەرن و پێویستیان بەیەکترە.)) (زێباری، 2017: 92) هەروەها بۆچوونەکانی ئۆگەستین سەبارەت بە کۆمەڵگە، ((بەو دوالیزمەوە پەیوەستە کە لەنێوان جیهانی(ئاسمان و زەمین)دا هێنایە ئاراوە. ئەو دوالیزمەیەش لەسەر ململانێ و کێشمەکێشی نێوان چاکە و خراپە بەندە بەمانا دینییەکەی یاخود جیاوازی نێوان جیهانی بڵندەگیی و واقیع بە چەمکە فەلسەفیەکەی.)) (کۆمەڵە وتار، 2022: 46)

کەواتە کۆمەڵگە بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی لە چەندین کەس پێکدێت و کارلێکردنێک و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ڕوون و ئاشکرا لە نێوانیاندا هەیە، لە نێوانیاندا ڕۆڵ و کارەکان دابەش دەکرێت و پێگە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشیان دەکرێت، ئەم یەکەیەش پێوەر و بەهای تایبەتی خۆی هەیە، لە ڕێگەی ڕەفتارەکانیان دەستنیشان دەکرێت و هەوڵی بە دەستهێنانی دەدەن.

**تەوەری دووەم: ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی ڕۆمان**

بەشێکی گرنگی ڕۆمان ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، کە گرنگی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کێشەکان و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەرەکان دەدات. ئەم ڕەهەندەی ڕۆمان لەناو ئەدەبی جیهانیدا ڕووبەرێکی فراوانی داگیر کردووە. ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەدەبی کوردیدا بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتیدا بە ڕوونی دەبینرێت و تیشکی خراوەتە سەر، دەکرێت بڵێین هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەی، کە نەتەوەی کوردی پێیدا تێپەڕیوە، هەریەک لەو بارودۆخانەش کاریگەری لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتیی نەتەوەی کورد داناوە، بۆیە لە ڕۆماندا وردتر و قووڵتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و کێشە و گرفتەکان ئاماژەیان بۆ دەکرێت. هەروەها دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ئامانجی سەرەکی ڕەهەندی

کۆمەڵایەتیی ڕۆمان ئەوەیە، کە بە ڕێگە و شێوازی تایبەت بە خۆی هۆشیارییەکی فراوانی کۆمەڵایەتی دروست بکات و وێنەیەکی هونەری بەو ڕەهەندە ببەخشێت، چونکە ڕۆمان لە پێکهاتنیدا سوود لەو واقیعە وەردەگرێت، کە تێیدا لە دایک بووە، هەر بۆیە ((ژینگە بە مانا کۆمەڵایەتییەکەی، ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبیدا دەگێڕێت و ناتوانرێت پەراوێز بخرێت.)) (فەتاح، ٢٠٢٢: ١٢٢) ئەم بایەخە وایکردووە ڕۆماننووسان لە بەرهەمەکانیاندا گرنگی بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بدەن و وێنەیەکی هونەری پێ ببەخشن. نووسەر لە ڕێگەی پرۆسیسی پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نێوان کارەکتەرەکانەوە ئەم ڕووبەرە دروست دەکات.

لە ڕۆماندا کارەکتەرەکان هەمیشە لەگەڵ خۆیان و ئەوانی تریشدا لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدان و کاریگەریی ئەو پەیوەندییەیش لەسەریان جێ دەمێنێت و لەو ڕێگەیەوە دەناسرێنەوە، بۆیە ((مرۆڤ لەناو جیهانی تایبەتی خۆیدا بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەور دراوە و هیچ بوونەوەرێک نییە کاریگەری ئەو کایە کۆمەڵایەتییەی لەسەر نەبێت. کۆمەڵگەی کوردیش لەژێر کاریگەری چەندین هۆکاری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و مێژوویدا، خاوەنی کولتوور و داب و نەریتی خۆیەتی، کە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکانیش لەناو ڕۆماندا ڕەنگیان داوەتەوە.)) (ڕەحمان، ٢٠٢٠: ٢٨٦) بوونی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆماندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نووسەر پێش ئەوەی ڕۆماننووس بێت، مرۆڤە و تاکێکی نێو کۆمەڵگەیە و کاریگەریی ئەو ژینگە و واقیعەی لەسەرە، کە تێیدا دەژی.

ڕەخنەگری ڕووسی (میخایل باختین ١٨٩٥-١٩٧٥) لەبارەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆماندا دەستەواژەی ئایدیۆلۆجیا بەکار دەهێنێت و ئاماژە بە تایبەتمەندی سۆسیۆلۆجیی ئەم ژانرە دەکات و دەڵێت: ((شێوازی گونجاوی ژانری ڕۆمان تەنیا دەبێت سۆسیۆلۆجی بێت. دیالۆگی کۆمەڵایەتی ناوەکی وشەی ڕۆمان ئەوە دەخوازێت چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دیاری ئەو وشەیە ڕوون بکاتەوە کە دەسەڵاتی بەسەر هەموو بنیاتی شێوازەکەیدا هەیە.)) (ئەلوەنی، ٢٠٢١: ١٢٦) چونکە ڕۆمان کارلێکی کۆمەڵایەتی

لەنێو کارەکتەرەکاندا دروست دەکات، ئەمەیش لە ڕێگەی گفتوگۆی نێوانیانەوە دروست دەبێت. ((ڕۆمان دیالۆگی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی نێو کۆمەڵگەدا دەسازێنت و کۆمەڵێک بۆچوون و تێڕوانین ئاڕاستەی خوێنەر دەکات و بەمەش کار دەکاتە سەر ئەوان و داوایان لێدەکات بەرانبەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان هەڵوێست وەربگرن، چونکە ڕۆمان تەنیا چێژ بە خوێنەر نابەخشێت، بەڵکو کۆمەڵێک زانیاری گرنگیان پێ دەبەخشێت، کە لەوانەیە پێشتر بەم جۆرە بیریان لێ نەکردبێتەوە.)) (ئەڵوەنی، ٢٠٢١: ١٢٧) (میخایل باختین ١٨٩٥-١٩٧٥) بە وردی لە دیوە سۆسیۆلۆجییەکەی ژانری ڕۆمان دەکۆڵێتەوە و خەسڵەتەکانی دەردەخات. ئەوەی ئەم ڕەخنەگرە جەختی لێ دەکاتەوە، ئەوەیە، کە لە ڕۆماندا هەر کارەکتەرێک خاوەنی ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە خۆیەتی و لەگەڵ ئەوانی تردا دەکەوێتە گفتوگۆوە، ئامرازی گوزارشتکردن لە ئایدیۆلۆجیای کارەکتەر، زمانە، کە وشە و دەربڕینەکانی ئەو کەسە کۆمەڵایەتین و ئەو دەربڕینانەیش پێگەی کۆمەڵایەتی ئەو لەناو جیهانی تێکستەکەدا دیاری دەکەن، چونکە (مرۆڤی قسەکەر لە ڕۆماندا هەمیشە خاوەنی ئایدیۆلۆجیای خۆیەتی و وشەکانیشی دەربڕینێکی ئایدیۆلۆجییانەیە. زمانی لە ڕۆماندا گۆشەنیگای تایبەتی ئەوە بۆ ئەو جیهانەی، کە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دیاری دەکات. مەبەستی (باختین) لە ئایدیۆلۆجیا، دیوە کۆمەڵایەتییەکەی ڕۆمانە و پەیوەندی بە ڕەهەندی سیاسییەوە نییە. کەواتە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی دایەلۆگەوە هۆشیارییان بەر یەک دەکەوێت و زمانی کۆمەڵایەتی دەبێتە سەرچاوەی دەربڕینەکانیان.)) (فەتاح، ٢٠٢٢: ١٢٤).

دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە ڕۆمان بەرهەمێکی ئەدەبییە و دەبێت لایەنی هونەری لە بەرچاو بگیرێت. کاتێکیش باس لە گرفتێکی کۆمەڵایەتیی نێو کۆمەڵگە دەکرێت، ئەو لایەنە هونەرییە پەراوێز نەخرێت، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەو مانایە ناگەیەنێت، کە ((ڕۆمان گوزارشت لە ژیانی کۆمەڵایەتی ناکات. لۆجیکی ڕۆمان نامۆ نییە لەگەڵ لۆجیکی کۆمەڵگەدا. لەم بارەیەوە (میشێل زیرافا) دەڵێت: سەرەڕای ئەوەی ڕۆمان لۆجیکێکی

ئیستاتیکی تەواوی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ئەم لۆجیکە هەمیشە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ لۆجیکی کۆمەڵگەدا.)) (ئەڵوەنی، ٢٠٢١: ١٢٩).

نووسەر بۆ دروستکردنی ڕووداوەکان و ڕێکخستنیان، سوود لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت و لە ڕێگەی خولقاندنی ڕووداوەوە، پەیوەندی کۆمەڵایەتیی نێوان کارەکتەرەکانیش پیشان دەدات، چونکە ((بەرجەستەکردنی ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانە لەناو ڕۆماندا سەرەڕای ئەوەی کاریگەریی لەسەر ڕووداو هەیە و بەشێک لە بونیادی ڕووداوەکە پێکدەهێنت، لە هەمان کاتیشدا خودی کارەکتەرەکانن ئەو پەیوەندییانە لە پانتایی دەقدا بەرجەستە دەکەن و بەو هۆیەشەوە دەربڕینەکانیان دەکەونە ژێر کاریگەریی وکارتێکردنی ڕەهەندەکانی ئەو پەیوەندییانە و لە گەڵێک جاریشدا ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ بەشداری لە چارەنووسی کارەکتەرەکەدا دەکەن.)) (ڕەحمان، ٢٠٢٠: ٣٥٢) بۆیە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لەناو ڕۆماندا پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات و سیما کۆمەڵایەتییەی بەرهەمەکە دەردەخات.

**بەشی دووەم: بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا**

لەم بەشەدا بە وردی باس لەو بابەت و کێشە کۆمەڵایەتییانە دەکەین، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمان بە گشتی و لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد) بە تایبەتی پێکدەهێنن و لەو بارەیەوە نموونەی پێویست لە بەرهەمەکانی ڕۆماننووس وەردەگرین.

**تەوەری یەکەم: لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا**

مرۆڤ بە سروشتی خۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەگەڵ ئەوانی تردا بەردەوام لە پەیوەندیدا دەبێت. لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە بەردەوامەدا کێشە و گرفت دەکەوێتە نێوان مرۆڤەکانەوە و هەندێ جار دەگاتە حاڵەتی لێکترازانی کۆمەڵایەتی، کە ئەم چەمکە لەگەڵ مرۆڤدا هاوڕێیە و لێی دانابڕێت. واتە مرۆڤ لە هەر جێگەیەک بێت، ئەوا لێکترازانی کۆمەڵایەتیش لەو شوێنە بوونی هەیە، چ وەک تاک، چ وەک کۆمەڵ. گرفت و لێکترازانە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی ئەمڕۆماندا بەهۆی زۆری و بەرفراوانییەوە جێگەی گرنگیپێدانی لێکۆڵەران و کۆمەڵناسانە، لێکترازانی کۆمەڵایەتی بە واتای لاوازبوون، یان نەمانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دێت، کە لە تاک و خێزانەوە ڕوودەدات، تا ئاستی کۆمەڵگە. ئەم لێکترازانە کاریگەری لەسەر ژیانی تاک و گرووپەکانی ناو کۆمەڵگە دادەنێت.

ێکترازانی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە سیماکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆماندا و بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، کە بە شێوازی جیاوازجیاواز دەردەکەوێت و کاریگەری لەسەر کارەکتەرەکان و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە هەیە، ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی لێکترازانی کۆمەڵایەتی، وەکو (بارودۆخی سیاسی، کۆچ، گۆڕانکارییە کولتوورییەکان، پێشبڕکێی ئابووری و هتد) ڕۆماننووس سوود لە حاڵەتەکانی لێکترازانی کۆمەڵایەتی دەبینێت و بەرگێکی ئەدەبی بەبەردا دەکات و لە ڕێگەی تەکنیکی جۆراوجۆرەوە پیشانیان دەدات. بە دەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین لێکترازانی کۆمەڵایەتی ((ڕووخانی یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و هەژاندنی بونیاتەکەی و تێکچوونی

ئەرکەکەی و سیستەمەکەی دەگەیەنێت، جا ئەو یەکەیە تاکە کەسێک بێت، یان گرووپ و دامەزراوەیەک بێت، یان سەرتاپای نەتەوەیەک بێت.)) (لیلی، ٢٠١٣: ٤٥) کۆمەڵگەکان بەپێی کات گۆڕانیان بەسەردا دێت و ئەو گۆڕانە هەموو لایەنێکی ژیان دەگرێتەوە و لەم نێوەندەدا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگرێتەوە، کە مرۆڤەکان لە ئەنجامی پێکەوەبوونیان، لێکترازان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانیش دێنە کایەوە، کە ئەمەیش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە ((ئەو هۆکارانەی کە وا دەکەن سیستەمی کۆمەڵایەتی دووچاری لێکترازان بێت، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە، چونکە هەمیشە ژیان لە پێشکەوتندایە و سیستەمی کۆمەڵایەتیش بەردەوام لە نوێبوونەوە و خۆگونجاندندایە، سەرەڕای ئەمانەش گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش هۆکارێکی دیکەیە، چونکە بەها و پەیوەندییەکان هەمیشە بەر ئەو گۆڕانکارییانە دەکەون و دووچاری نۆرمێکی نوێی گەشەکردنی کۆمەڵاتی دەبنەوە.)) (عەولا، ٢٠٢٣: ١٣٤)

ئەوەی ئێمە لێرەدا جەختی لێ دەکەینەوە، لێکترازانی کۆمەڵایەتییە، کە مەبەستمان لە ململانێ، ململانێی کۆمەڵایەتییە و لەنێوان دوو مرۆڤ، یان دوو دەستە و چینی کۆمەڵایەتیدا دروست دەبێت. بۆیە چەمکی لێکترازانی کۆمەڵایەتی چەمکێکی گشتییە و تایبەت نییە بە کۆمەڵگەیەک و ژینگەیەکی جوگرافیی دیاریکراو، بەڵکوو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا لێکترازانی کۆمەڵایەتی بوونی هەیە، چونکە کۆمەڵگە لە کۆبوونەوەی مرۆڤەکان لە دەوری یەک پێک دێت، بۆیە زۆر جار ئەم پێکەوەبوونە دەبێتە کێشە لەنێوان هەندێکیان و لە ئەنجامدا لێکترازانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت.

لێکترازانی کۆمەڵایەتی لە ڕۆماندا چەندین مانا وەردەگرێت، کە هۆکارەکانی پشت ئەم لێکترازانە، کۆمەڵایەتین. لە ڕۆمانەکانی (پاسەوانانی خودا)، (ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان) و (هەنار و فریشتەی مردن) ئەم چەمکە بە زەقی دەبینرێت و وا لەبارەی هەر یەکێکیانەوە نموونەی پێویست دەهێنینەوە.

لێکترازان بەهۆی چەند هۆکارێکەوە دروست دەبێت، وەکو ڕامیاری و کەلتوری و ...هتد، هەندێکجار یەکێک لەم هۆکارانە یان هەمووی بەیەکەوە ڕۆڵیان دەبێت لە لێکترازاندا، لە ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس چەند دیمەنێکی لێکترازان بەرچاو دەکەوێت، بۆ نموونە لە ڕۆمانی (پاسەوانانی خودا)دا دوای ئەوەی (ڕێبوار و نیان) بەرەو وڵاتی سوید کۆچ دەکات، لەوێ لەلایەک بە هۆی ئەوەی تووشی نامۆیی دەبن، لەلایەکی دیکەوە بەهۆی کراوەیی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا بە ڕووی تاکەکاندا، ئەمەش بووە هۆی هەڵوەشانەوەی ئەو خێزانە پەناهەندەیە هاوشێوەی سەدان خێزانی دیکەی کورد لە ڕۆژئاوا، ئەم دووهاوسەرە کە لە سوید دەژیان. وەک گێڕەرەوە دەڵێت: ((ڕێبوار تەلەفۆنی بۆ نیان کرد و دوای نزیکەی هەشت ساڵ لە پێکەوەژیان، پێیوت بە یەکجاری لە ماڵەکە دەڕوات. ئیدی ڕێبوار هەستی دەکرد کەسێکی ترە و ماڵەکەی وەک یادەوەرییەک جێهێشت و بەناو سەرمای ئەو بەیانییەدا بەرەو وێستگەی پاسەکان ڕۆیشت و ئەو ڕۆژەی لە ناو شار، لە قاوەخانە و سەردانی کتێبخانە بەسەربرد و ئێستا لە ڕێگەی سەفەرێکی دوورە بۆ نووسینی ڕۆمانێک، یاخود لەوانەیە بۆ فەرامۆشکردنی شتگەلێک بن لە ناوەوەیدا.)) (محەمەد، ٢٠١٦: ١٥) ئەم کارەکتەرە دەیەوێت هەموو یاوەوەرییەکانی لەگەڵ ئەم هاوسەرە لە یادبکات کە ساڵانێکە پێکەوە دەژین، چونکە ئەم دوو هاوسەرە لە سوید لە ڕووی دەروونی و ڕۆحییەوە پەیوەندیان کۆتایی دێت، بەڵکو تەنیا بەجەستە بە یەکەوە دەژین، بۆیە بە تەنیا ژیان لەگەڵ وێنەی ناو یادەوەرییان سەختە وەک گێڕەرەوە دەڵێت: ((ئەو کاتە ڕێبوار هەستی کرد شتێک لەمدا دارِما. لەگەڵ وشەی تەواوبوویتدا، لە ناوەوە دارِما و زانیی نیان لەلای نییە و لە شوێنێکی ترە، ئەگەرچی نزیک بوو لێیەوە لەشی بەلەشییەوە نووسابوو، ئەگەرچی ڕێبوار لەودابوو، بەڵام ئەو زۆر دووربوو لێیەوە، دوور، وەک ئەوەی لەسەر زەمینێکی تر بێت، ...ڕێبوار هیچی نەوت و گەڕایەوە دواوە. لە جێگەکە هاتە دەر و بێئەوەی هیچ بڵێت، وەک ئەوەی نیان لە شوێنێکی دوور بێت و دەنگی نەیگاتێ، هیچی نەوت و گەڕایەوە بۆ هۆڵەکە. بێ

ئەوەی بزانێت دەیەوێت چی بکات. بەڵام دەیزانی شتێک لە نێوان ئەو و نیاندا ڕووخاوە، یاخود ڕاستتر، لە هەردووکیاندا. بەڵام دەیویست بیری لێ نەکاتەوە. نەیدەویست بگەڕێتەوە سەر ڕابردوو.)) (محەمەد، ٢٠١٦: ٢٩) ئەوەی ڕۆماننووس دەیەوێت پێمان بڵێت لە ڕێگەی ئەم دوو کارەکتەرەوە ئەوەیە، کە جیاوازیی هەیە لە نێوان خۆشویستنی کەسێک و ئارەزووی لەگەڵ خەوتنیدا، کە دەکرێت لە زۆر دۆخدا ئارەزووی سێکس دروست ببێت، بەڵام خۆشەویستی نە ئارەزووە، نە هەستێکی کاتی، بەڵکوو دۆخێکی ململانێیە، ململانێی ئەوەی زیاتر ببەخشێت، بەڵام کاتێک مرۆڤ جیاوازی لەنێوان ئەم دوو حاڵەتەدا نەکرد، ترسناکە، ئەم دوو هاوسەرە دوای گەیشتنییان بە ڕۆژئاوا هەست بەم جیاوازییەیان دەکەن، کە خۆشەویستیان کۆتایی هاتووە، ئەمەش دەبێتەهۆی لێکترازانی ئەم خێزانە. هەروەها لە ڕۆمانی (کتێبسازە کوژراوەکان)دا هەر دوو کارەکتەری سەرەکی دوای گەیشتنیان بە ڕۆژئاوا بە هەمانشێوە جیادەبنەوە، بۆیە کارەکتەری سەرەکی بە هاوسەرەکەی دەڵێت: ((ئەو فەلسەفانە بۆ خۆت هەڵبگرە، چونکە من ئەمرۆ لێت جیادەبمەوە و نامەوێت بتبینمەوە. بە دوای ئەو قسەیەدا، دەرگاکەی داخست و ئاگای لەوە نەبوو، شێرکۆ قاوەکە دەبات بۆ دەمی، یا خود هەر لە بۆشاییدا ڕایدەگرێت.)) (محمد، ٢٠١٩: ١٤)

یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی لێکترازانی خێزان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دوو کارەکتەر لە یەک کەسێتیدا، کە هەزمکردنی ئەم دۆخەش بۆ مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ئاسان نییە، هەربۆیە نیان ناتوانێت بەرگەی کارەکتەری ناو دنیای کاغە و نووسەربوونی بگرێت، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێکی دیکەی لێکترازانیان، گێڕەرەوە لە ڕۆمانی(پاسەوانانی خودا)دا دەڵێت: ((ئەوا ڕێبواریش بە جۆرێک لە حەسرەتەوە دەیوت، نیان، دەزانم سەختە مرۆڤ دوو کەسایەتیی هەبێت، بەوەی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و ئەوی تریش دوای تەواوبوونی کار و ئیشی بازاڕ، لەگەڵ کتێب و کاغەزدا بژی. زۆر جار بۆخۆشم هەست دەکەم هەڵنەبژاردنی یەکێک لەو دوو کەسایەتییە ماندووم دەکات.))

(محەمەد، ٢٠١٦: ٢٨) سەرئەنجامی ئەم دۆخەی لە نێوان ئەم دوو هاوسەرە دروست بووە بە هۆی بوونی دوو کارەکتەر (کارەکتەرێکی نووسەر و کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی) لە ڕێبواردا دواجار نیان بڕیار دەدات ڕێبوار بەجێبهێڵێت، چونکە تەنیا نیوەی کە کارەکتەرە کۆمەڵایەتییەکەیەتی خۆشەویستووە نەک نیوەکەی دیکە کە کارەکتەرە ئەدەبییەکەتی وەک دەڵێت: ((منیش قوربانیم دا و بڕیارم دا لەگەڵ کەسێکدا نەژیم، کە نیوەیم خۆش دەویست. بڕیارم دا نەترسم و ڕووبەڕووی ئایندەببمەوە. جارێک ڕێبوار پێیوتم ڕابردوو ئازاردەرە و ئایندە تۆقێنەرە. من دەبێت زاڵ ببم بە سەر ئازاری ڕابرووەدا و ئەو بۆ خۆشم بە تەنیا بەو تەمەدا ڕێگە ببڕم، کە ناوی ئایندەیە، چونکە تەنیایی باشترە لە خۆشویستنی بەشێکی پیاوێک، پیاوێک، نیوەی دوور لە تۆ بژی، دوور وەک ئەوەی لای ئافرەتێکی تر بێت.)) (محەمەد، ٢٠١٦: ٩٠)

هەروەها نووسەر لەسەر زاری ئەم کارەکتەرانەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەشێکی دیکە هۆکاری لێکترازانی هاوسەران دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە خۆشەویستی لە پاش هاوسەرگیری دەچێتە قۆناغێکی جیاوازەوە و ئەو وێنە فەنتازییەی، کە هەریەکەیان بۆ خۆیان دروستیان کردبوو، گۆڕانی بەسەردا دێت و ژیانێکی ڕۆتینی دەست پێدەکات، بەڵام تاکی ئێمە هەر بە هەمان وێنەی پێش هاوسەرگیری سەیری ئەم پەیوەندییە دەکات، گۆڕانی وێنەی ئەم پەیوەندییە دەبێتەهۆی کۆتایی هاتنی پەیوەندییەکە، جگەلەوەی یەکتر بە جیاوازییەکانەوە قبوڵناکەن، بۆیە لە ڕۆمانی (پاسەوانانی خودا) کارەکتەری سەرەکی(نیان) دەڵێت: ((تۆش پێتوایە خۆشەویستی تا ئە بەدە و هیچ ناگۆڕێت. بەڵام دوای هاوسەرگیری، خۆشەویستی دەچێتە قۆناغێکی ترەوە، کە ئێمە نامانەوێت لێی تێبگەین. دەشێت ئەو شتە ڕێز بێت. نازانم، بەڵام ئیتر خۆشەویستی فانتازیاکانی خۆی لە دەست دەدات و دەبێت خۆمان بۆ ئەو قۆناغە نوێیە ئامادە بکەین، کە وەک مرۆڤ یەکتری تیا قبوڵ بکەین.)) (محەمەد، ٢٠١٦: ٩٤) کەواتە

جیاوازی تێڕوانین بۆ خوشەویستی و وێنەی یەکتر لای تاکەکان دەبێتە هۆی لێکترازانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان.

**تەوەری دووەم: نامۆیی لە ڕۆمانەکانی (عەتا محەمەد)دا**

نامۆیی چەمکێکی فرەڕەهەندە و چەندین ئاراستەی جۆراوجۆری لێدەبێتەوە و بەپێی بوارە جیاوازەکان ماناکەی گۆڕانی بەسەردا دێت. دەتوانین بڵێین نامۆیی چەمکێکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە و هەردوو ڕەهەندەکە کار لەسەر دروستبوونی ئەم دۆخە دەکەن. بۆیە نامۆیی ((دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە و ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە. ئەم خەسڵەتە دەروونییە لای هەموو کەسێک بە پێی باری دەروونی و ژینگەکەی بوونی هەیە. مرۆڤەکان هەرچییەک بن و لە هەر پلەوپایە و سەر بە هەر ئاستێکی ڕووشنبیری بن، دەشێ دووچاری ئەم حاڵەتە ببن.)) (سەعدوون، ٢٠١٥: ٤٨٢) نامۆبوون، یان نامۆیی و نامۆگەری، (Alienation-الاغتراب) زاراوەیەکە لە هەموو زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار دەهێنرێت، لە ڕەخنەی ئەدەبی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، فەلسەفە، ڕامیاری و ئابووریدا بە مانا و لێکدانەوەی جیاواز شرۆڤە دەکرێت. دەتوانین زۆر بە سادەیی بڵێین نامۆبوون بریتییە لە هەستی تاکەکەس بە نامۆیی لە بەرانبەر ئەوی تر، یان ئەوانی تر. هەستکردن بە نامۆیی بەرانبەر بە بە کەسانی دەوروبەری و ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تێدا دەژی. بەکورتی نامۆبوون لای هەموو تاکێک و لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە.

نامۆیی لەڕووی زمانەوانییەوە هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە ((ڕەگ و ڕیشەی وشەکە لە (Alienasho) لاتینییەوە لە کرداری (Alienare)ەوە وەرگیراوە، کە بەمانای شلۆقی و شپرزەیی و دژایەتی دێت، یاخود نارێکی عەقڵ و ئاوەزلەنگی دێت، دەشێ ماناکەی بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە، کە ئەویش زەوتکردنە، واتە گۆڕان و ڕاگوێزانی خاوەنایەتی کەسێک بۆ یەکێکی تر، ئیتر بەهەرچی زەبر و شێوازێک بێت وەک: دابڕکرن، داپچڕین، لێسەندن و...هتد.)) (محمد، ٢٠٢٣: ٥) دواتر ئەم زاراوەیە بەناو

میللەتـانی تـردا بـڵاو بـووەتەوە و ((لە زمـانی ئینگلیزیشـدا زاراوەی نـامۆیی لە (Alienation) لە هاوەڵناوی (Alien) هـاتووە، کە بەمانـای نەناسـراو، یـان بێگـانە دێت، هەروەها واتای سەرپێچی کار، یان گۆڕاویش دێت، بەڵام لە کاری (Alienate) بەمانای دوورکەوتنەوە، یان هاوڕێیەتی لەدەستدان دێت، ئەگەر بە شێوەی حەرفی وەربیگێڕین، مانای دوورکەوتنەوە، یان دووری لە کۆمەڵگە دێت.)) (قادر، ٢٠١٠: ٤)

لە ڕووی چەمکەوە چەمکی نامۆیی پێناسـەی جۆراوجۆری بۆ کراوە و بەپێی زمـان و کـۆمەڵگە جیاوازەکـان گۆڕانکـاری تێـدا کـراوە ((لە هەنـدێ زمانـدا نـامۆیی بەمانـای وازهێنـانە لە کەس و خـزم و ڕووکـردنە شـوێنێکی تـر، یـان بە مانـای سـەرهەڵگرتن هاتووە، لە هەندێ زمانی تردا ئەو مانایەی بۆ کراوە کە مرۆڤ هەست دەکات کە لە ماڵ و شوێنی خۆی نییە، یان بە وازهێنان و دەستهەڵگرتن لە مافی خۆت و بەخشینی بە لایەنێکی تر، پێناسەی بۆ دەکرێت. لە زۆر جاریشدا بەمانای لەدەستدانی هەست و هۆش دێت.)) (کەریم، ٢٠٢٢: ٩)

لە لایەکی ترەوە چەمکی نامۆیی لە فەلسەفەدا مانای جیاوازی لە دوو بوارەکەی پێش خۆی هەیە و فەیلەسووفی ئەڵمانی (کارل مارکس) وای دەبینێت: ((مێژووی مرۆڤ لە ڕووی جـۆرەوە مێـژووی گەشەسـەنی مـرۆڤە، لە هەمانکاتـدا، مێـژووی نـامۆبوونی زیاتریشـە.)) (فـرۆم، ٢٠٠٥: ٩٣) بـۆیە دەتـوانین بڵێـین، کە ((چەمکـی سۆشـیالیزم لای مـارکس بـریتییە لە ڕزگـاربوون لە نـامۆیی و گەڕانەوەی مـرۆڤە بـۆ خـودی خـۆی و بەدیهێنان و سەلماندنی خۆیەتی.)) (فرۆم، ٢٠٠٥: ٩٣)

ئەوەی لێرەدا مەبەستی سەرەکیی توێژینەوەکەی ئێمەیە، بریتییە لەو نـامۆییەی، کە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هەیە و لە ڕێگەی مامەڵەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگەوە دروست دەبێت. مەبەست لە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی ((بەهـۆی ئەو یاسـا توند و کۆنـانە، یان ئەو داب ونەریتانەوە دەبێت کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەم ناگونجێن. واتە هەر کاتێک تاک نەیتوانی کاری گونجاو بدۆزێتەوە و جێگەی خۆی دیاری بکات لەناو کۆمەڵ بەپێی

بەهـرە و تایبەتمەنـدی کـاری بـۆ نەدۆزرایەوە، ئەوا خـۆی لەنـاو کـۆمەڵ وون دەکـات و کارێک دەکات کە لەگەڵ خواست و ویستی ئەودا ناگونجێت، بەڵکو بەتەنها بۆ ڕازیکرنـی کـۆمەڵ و دەوروبەری دەیکـات. واتە بـۆ ئەوان دەژیـت، هەر بـۆ ئەوانـیش کـار دەکـات، ناتوانێت گوزارشت لە خولیاو و ئـارەزوو و پاڵنەرەکانی خـۆی بکات.)) (شوانی، ٢٠١٠: ٧٠-٧١)

عەتا محەمەد)ی ڕۆماننووس لە ڕێگەی گێڕانەوەوە باس لە هەستی نامۆیی لای مرۆڤ دەکات، چونکە زۆرجار مرۆڤ لە ژیانیدا درک بە بێدادی لە ژیان دەکات، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی دوای شەڕ و توندوتیژی، بەڵام دەسەڵاتی تێپەڕاندنی ئەو دۆخەی نییە، بەڵکو هەندێجار کۆچکردن بە ڕێگایەک دەبینێت بۆ تێپەڕاندنی ئەو دۆخە، بەڵام پەناهەندەیش بە جۆرێکی دیکە تووشی نامۆیی دەکات، بۆنموونە (سەربەست) کە یەکێکە لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانی (هەنار و فریشتەی مردن)، پێیوایە مرۆڤ لە نێوان ئازاری بەردەوام و چاوەڕوانی نەبڕاوەدایە، هەوێنی ئەم ئازارە بەردەوامەش چاوەڕوانێتی، ئەمەش وای لێدەکات نامۆییانە خۆی ون بکات لەنێوان زیندان و ئازاری پەناهەندەی، وەک دەڵێت: ((چۆن تۆران و دڵشکاندنم لەم شارە، ئەو کاتەی لە شەڕی ناوخۆ هەڵهاتم، زیندانەکانی ئەوروپا و ژیانی ناو کەمپ وپارکەکان وایکرد خۆم ون بکەم، ئێستاش هاتوومەتەوە تا بە دوای کەسێکدا بگەڕێم.)) (محەمەد، ٢٠١٨: ٥٤) گەڕان بە دوای ئەم کەسەشدا لە پێناوی خود دۆزینەوەیدایە بە پێی ڕاوانینی ئەم کارەکتەرە، بەڵام ئەمیش نادۆزێتەوە، چونکە تاراوگە هەر ((تەنها گۆڕینی شوێن و گواستنەوەی جوگرافیا و بەناشوێنکردنی ئێستا و ونکردنی زمان و ناڕەسەنبوونی "بوون" نییە، بەڵکو لە بنەوە کاڵکردنەوە و لە قوڵایشدا بیرچوونەوەیە، مەنفا لە کوشندەترین حاڵەتیدا لێسەندنەوەی ڕابردووە لە تۆ و شاردنەوەیەتی لە پشتی تێپەڕینی زەمان و دووریێتی و نادیاربوونتدا.)) (عەلی، ٢٠٠٨: ٥١)

هەروەها ڕۆماننووس هەر لە هەمان ڕۆمان پێمان دەڵێت یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی نامۆیی لای مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ لەدەستدانی زمانی دایک، ئەمەش وادەکات وەک مرۆڤێکی بێناسنامە دەربکەوێت، سەرئەنجام دەبێتە تاکێکی نامۆ بەخۆی، ((ئاخر ئەگەر زمانی دایکمان لە خەونماندا مرد، ئەوا ئەو بەشەمان مردووە. دەزانم من بێهوودە هەوڵی زیندووکردنەوەی ئەو بەشەم دەدەم، دەمەوێت ڕابردووم لە ناو تابووتدا دەربهێنم و ناتوانم. هەر بۆیە ئێستا نازانم من کێم. وەک ئەوەی ناسنامەیەکم پێ بێت، کە سپی بێت و هیچ ناوێکی لەسەر نەنووسرابێت.)) (محەمەد، ۲۰۱۸: ۱۷۹) کاتێک مرۆڤ بە ناسنامەیەکی دیکەوە ژیان لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دادەبڕێت، زمان و ڕابردووی خۆی لە بیرکرد، هەموو ژیانی لە نامۆیی بەسەر دەبات، بەڵام کاتێک بۆی دەردەکەوێت لە وەهمدا ژیاوە ئەو کات زیاتر نامۆ دەبێت: ((ترسناک ئەوەیە مرۆڤ لە ساتێکدا بۆی دەربکەوێت، ئەم خۆی هیچ نییە، جگە لە ناوێکی وەهمی، کەوا دەزانێت ڕاستەقینەیە و ژیان دەکات.)) (محمد، ۲۰۱۹: ۲٦)

لە ڕۆمانی (هەنار و فریشتەی مردن)دا ڕۆماننووس پێمان دەڵێت مرۆڤ جیاواز لە هەموو بونەوەرەکانی دیکە، لە ناو چیرۆکی جیاوازی هۆز و نەتەوە و ئایدۆلۆژیادا ون دەبێت و دەبێت بە تاکێکی نامۆ بە خۆی و لە بوونی ڕاستەقینەی خۆی دادەبڕێت، هەروەک (سەربەست) دەڵێت: ((بەڵام کە بۆ ساتێک دەوەستیت و بیر دەکەیتەوە، دەبینیت، مەڕەکان بە درێژایی مێژوو هەر مەڕن و ئێمە وەک خودێکی سەربەخۆ نایانبینین، بەڵکو مەڕ هەر مەڕە، ئیتر لە هەر کات و شوێنێکدا بێت، دەزانیت بۆ؟ چونکە ئەوان چیرۆکێکیان نییە تا تیایدا بژین و بۆی بژین. بەڵام مرۆڤ لەناو چیرۆکی خۆی و بنەماڵە و نەتەوە و ئایین و ئایدۆلۆژییەکاندا دەژی و بۆ ئەو چیرۆکانەش دەژی.)) (محەمەد، ۲۰۱۸: ۲۱٤) ژیان لەنێو چیرۆکە جیاوازەکان دەبێتە هۆی ئەوەی ((لەم دۆخەدا مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ بوونی ڕاستەقینەی خۆی لەدەستدەدات، بە پێی حاڵەت و ڕۆژگار هەر جارەی دەمامکێک دەپۆشێت و ناتوانێت خودی خۆی بێت، مەگەر لە

چەند حاڵەتێکی دیاریکراو نەبێت.)) (قادر، ٢٠١٠: ٧٢) هەروەها ڕۆماننووس یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی نامۆبوون بەخود و ونکردنی خودی ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە سەردەمی نوێدا، ئەگەرچی دەکرا ئەم سەکۆیە بکرێتە هۆکارێکی بۆ پەیوەندی و گەشەی کۆمەڵایەتی، بەڵام بە هۆی ئەوەی مامەڵەیەکی هۆشیار لەگەڵ ئەم سەکۆ کۆمەڵایەتییەدا نەکراوە، وایکردووە مرۆڤ ژیانێکی گریمانەیی هەبێت نەک ڕاستەقینە ((ئیتر مرۆڤ خۆی نییە، ئەوەندەی کورت دەبێتەوە بۆ مۆبایلەکەی و بوونی لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا. وەک ئەوەی ئیتر مرۆڤ خۆی نەژی، بەڵکو ژیانێکی گریمانەکراو دەژیی.)) (محەمەد، ٢٠١٨: ٧٤)

**ئەنجام:**

ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پانتاییەکی فراوانی لەنێو ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس دا داگیرکردووە، بە جۆرێک گرفت و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان تەوەری سەرەکی نێو ڕۆمانەکانێتی.

ڕۆماننووس پێی وایە زۆربەی زۆری گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی تاک بەهۆی یەک وێنەی هەمیشەییەوەیە بۆتاک، کە ئەم وێنەیەش ژینگە پێی دەبەخشێت. هەر وێنەیەکی دیکەی جیاواز لەم وێنە دەبێتە هۆی ڕەتکردنەوەی تاک لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەیدا.

ڕۆماننووس پێمان دەڵێت ژن قوربانی سەرەکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و دۆخی نائارامی کۆمەڵگەی کوردییە، لەهەمان کاتیشدا خودی ژنان بۆ خۆیان هۆشیاری پێویستیان نییە، بۆ پێگەیاندنی خود.

## لیستی سەرچاوەکان

### زمانی کوردی

### یەکەم: کتێب

1. ئەحمەد، کۆمەڵە وتار، ٢٠٢٢، *سەرەتاکانی سۆسیۆلۆژیا*– وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، چاپی سێیەم، چاپخانەی ناوەندی فێربوون، هەولێر
2. ئەڵوەنی، د نەجم (پ. ی. د.)، ٢٠٢١، *گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی (یادداشتی عەتر و ئاگر)ی بەیان سەلماندا*، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
3. جمیل، هێرۆ، ٢٠٠٨، *کۆمەڵناسی و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان*، هەولێر.
4. خزاعلة، عبدالعزیز علي & etal، ٢٠٢٠، *دەروازەی کۆمەڵناسی*، وەرگێڕانی: توانا فریدون، چاپی دووەم، چاپخانەی مێخەک.
5. ڕەحمان، عەبدوڵا، ٢٠٢٠، *کۆمەڵگا لەڕۆمانی کوردیدا*، چاپخانە: ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.
6. زێباری، تاهیر حەسۆ، (پ. د.) ٢٠١٧، *تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسییدا*، چاپی دووەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان.
7. سەعدوون، سامان عیزەدین، ٢٠١٥، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە، چاپخانەی تاران، سلێمانی.
8. کەریم، کاوە، ٢٠٢٢، *مارکس و تیۆری نامۆیی*، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.
9. گیدنز، ئەنتۆنی، ٢٠١٣، *دەروازەیەکی ڕەخنەیی بۆ کۆمەڵناسی*، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

10. فرۆم، ئەریک، ٢٠٠٥، چەمکی *مرۆڤ لای مارکس*، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، ئارام جەمال سابیر، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

11. فەتاح، کاروان محمد، ٢٠٢٢، *کارەکتەر لە ڕۆمانی ئەو هاوڕێیەی منداڵیم ببینمەوە؟ی کاروان عومەر کاکەسووردا*. ناوەندی کولتوور، هەولێر.

12. محەمەد، عەتا، ٢٠١٦، پاسەوانانی خودا، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.

13. محەمەد، عەتا، ٢٠١٨، هەنار و فریشتەی مردن، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.

14. محەمەد، عەتا، ٢٠١٩، ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە.

15. وسووقی، مەنسوور و نیک خولق، عەلی ئەکبەر، ٢٠١٣، *بنەماکانی کۆمەڵناسی*، وەرگێڕانی: سیروان محەمەد حاجی، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

**دووەم: نامەی ئەکادیمی**

16. شەریف، دەرسیم سەعید، ٢٠٢٣، *ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە ڕۆمانەکانی سابیر ڕەشیددا*، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە.

17. قادر، سەرکەوت سەعدی، ٢٠١٠، *نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا*، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر.

18. محمد، سوهام قادر، ٢٠٢٣، *نامۆبوون لە شیعرەکانی د. ئاراس عەزیز عەبدوڵا*، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

**سێیەم: گۆڤارەکان**

19. شوانی، هێمن ئەمین، ٢٠١٠، کلتوری گۆشەگیری و نامۆبوونی گەنج، *گۆڤاری پێوەر*، ژمارە (3) چاپخانەی شڤان، هەولێر.

20. عەولا، عەبدولا ڕەحمان (د.)، ٢٠٢٣ ، هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی لەچەند نموونەیەکی ڕۆمانی کوردیدا، *گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی*، ژمارە (٥٥)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

21. عەلی، هیوا، ٢٠٠٨، مەنفا و نالی (گەڕیدەی نیگەران)، *گۆڤاری ئاینده*، ژمارە(76)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

**زمانی عەرەبی**

22. عبدالجبار، نبيل عبدالحميد (د.)، ٢٠٠٥، *تأريخ الفكر الأجتماعي*، مطبعة وزاره التربية، اربيل.

**المجلة:**

23. ليلي، ايديو، ٢٠١٣، التفكك الأسري واثرة على البناء النفسي الشخصي للطفل، *مجلة العلوم الأنسانية و الأجتماعية*، العدد الحادي عشر/جوان.